dengekan
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.10.13 13:22:43 -06'00'
Signature Valid

# گوڵەگەنم

بە کاک ئازاد عەلیپوور پێشکەشە.

مەریوان وریا قانع لە ژمارە (٩٠)ی (هاوڵاتی)دا باسێکی بە ناونیشانی (ساڵێک دوای ١١ی سێپتێمبەر)ەوە نووسیوە، بۆ من جێی سەرنج بوو کە:

(١) لە بری ڕژێمی تالیبانی ئەفغانستان، چەند جارێک (تاڵەبان)ی نووسیوە. تالیبان، هەر کۆی تالیبە و تالیب بە کوردی فەقێ، یان خوێندکاری قوتابخانە ئیسلامییەکانە و هیچ لەگەڵ تاڵەباندا کۆی ناکاتەوە.

(٢) لە بری سیمبۆل symbol (سومبول)ی نووسیوە، کە دەکاتە سونبول و وەک هەڵەیەکی باو، هەندێک نووسەر بە سومبول دەینووسن، وەک چۆن لە بری بەرانبەر و بۆینباخ، کە ڕاستن، زۆر جار بەرامبەر و بۆیمباخ دەنووسرێن کە هەڵەن. سونبول یان (سومبول) وەک مەریوان بۆی چووە، ڕەمز نییە، گوڵەگەنم، یان گوڵەجۆیە، سیمبۆل ڕەمزە.

(٣) مەریوان دەنووسیت: (بنیامین دەڵێ: دیموکراسییەت کۆمۆنیزم و نازییەت و فاشییەتی بەزاند.)

* بنیامین پێشناوە، ئەو نووسەرە ناوی (بنیامین بێربار)ە، دەبێ، بڵێین بێربار دەڵێت، ئاخر وا باوە کە ناوی کەسێکی ناسراو دەهێنین، پاشناوەکەی دەڵێین. کە باس لە شاعیری گەورە نێرۆدا بێت، نابێ، بڵێین پابلۆ دەڵێ، پێویستە بڵێین: نێرۆدا دەڵێ. هێشتا نەمدیوە و نەمبیستووە، کەس لەبری مارکس، تەنیا (کارڵ)ی نووسیبێ یان گوتبێ.

* دیموکراسی، کۆمۆنیزم، نازیزم و فاشیزم، هیچیان عەرەبی نین، مەریوانیش بە کوردی دەنووسێ، ئیتر نازانم بۆچی سێ لەو زاراوانەی بە عەرەبی داڕشتووە!

*

بە دەگمەن دێڕێک لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا هەیە، هەڵەی ڕێنووسی تێدا نەبێت. من تەنیا بەشێک لە هەڵە زەقەکانی چوار دێڕی دەستپێکی ڕۆمانەکەی دەستنیشان دەکەم.

دێڕی یەکەم: دیلیکردوم. دوو هەڵەی تێدایە. (١) بە جیا دەنووسرێت: دیلی کردوم. (٢) کردووم بە دوو (و) دەنووسرێت.

دێڕی دووەم: پێیگووتم. دوو هەڵەی تێدایە. یەک بە جیا دەنووسرێت: پێی گووتم. (٢) گوتم بە یەک (و) دەنووسرێت نەک دوو.

دێڕی سێیەم: بڵاوبۆتەوە. دوو هەڵەی تێدایە. (١) بە جیا دەنووسرێت: بڵاو بۆتەوە. (٢) بۆتەوە، هەڵەیە، بووەتەوە، ڕاستە. درۆیدەکرد. بە جیا دەنووسرێت: درۆی دەکرد.

دێڕی چوارەم: ڕویدەدا، دوو هەڵەی تێدایە: (١) بە جیا دەنووسرێ. (٢) ڕووی بە دوو (و) دەنوسرێ.

وێڕای وێرانی ڕێنووس، زمانی ڕۆمانەکە لە گەلێ بواری دیکەشدا وێرانە، وەک نموونە: لە بری برینپێچ (تیمارپێچ)ی نووسیوە، ل ٣١ پێی وابووە، تیمار، هاوواتای برینە. تیمار بە واتای چارەسەر دێت. دەردم تیمار بکە، واتا: دەردم چار بکە. کەواتە تیمارکەر ڕاستە. (خوێن)یش سارێژ نابێت، ل ٣٧ وەک نووسیوێتی، دەوەستێت، ئەو برین، یان زامە سارێژ دەبێت. کورد ناڵێت: ئاهەنگی شووکردن و ژنهێنان، ل ٣٢ دەڵێت: گۆڤەند، زەماوەند، یان شایی. لەسەر ڕۆشنایی تریفەکاندا. ل ٤٢ ئەوە هەر (علی ضوء)ی عەرەبییە، کورد دەڵێ: لەبەر ڕۆشنایی. لەبری کاپتن، (قیپتان)ی نووسیوە، ل ٨٩ و ل ١٥٦ کە نە قیبتانی عەرەبییە و نە کاپتنی ئینگلیزی.

حەمەسەعید حەسەن
2002. 10. 14